# قۆناغەکانی تەڵاق (جیابوونەوە) لە ئیسلامدا

پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە پیرۆزترین ئەو گرێبەستانەی لە نێوان کچ وکوڕێك دەکرێت، ئەویش بۆ بونیادنانی ژیانێکی پڕ لە خەندەو خێرو خۆشی و دروست کردنی ماڵێکی ئارام، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاوا ئاماژەی پێکراوە (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ). سورەتی الروم ئایەتی ٢١.

ژیانێك لەسەر ئەو مەبەست و ئامانجە پێك بهێنرێت، چۆن دەبێت ئاوا بە ئاسانی لێکترازان لە نێوانیاندا ڕوو بدات و پەنا بۆ دادگا ببردرێت بۆ هەڵوەشانەی ئەو گرێبەستە .

کاتێ خوای پەروەردگار باسی پیرۆزی ئەو گرێبەستەی نێوان هاوسەران دەکات، هەر وەك ئەو پەیمانە باسی دەکات کە پێغەمبەران لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بڵاو کردنەوەی پەیامی خودا بیکەن ئەگەرچی ڕووبەڕووی سەدان کێشەو گرفت و ئاستەنگ ببنەوە، پرۆسەی هاوسەرگیری ئاوا باس کردووە (وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا) النساء: ٢١

وەك چۆن پێغەمبەران ڕوو بەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە واز لە کارەکەیان ناهێنن پرۆسەی هاوسەرگیری بە هەمان وشە باس کردووە(وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ۖ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا) (٧) سورەتی الاحزاب .

کەواتە ئەم گرێبەستە ئاوا ئاسان نییە بە بچووکترین کێشەو گیروگرفت لە نێوان هاوسەران پەنا بۆ جیا بوونەوە ببردرێت و لێکدابڕان و لێکترازان لە نێوانیان ڕوو بدات.

لە ئیسلامدا تەڵاق و جیابوونەوە دوای شەش قۆناغ ڕێگەی پێدراوە، ئەویش لە کاتی بوونی کێشەو گرفت لە نێوان هاوسەراندا، هەروەك پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردووە یەکەم قۆناغ دەبێت پەنا بۆ گفتوگۆ ببردرێت بەیەکەوە دانیشن و گرفتەکان و هۆکارەکەی باس بکرێت کە ئەمڕۆ هەموو گرفتەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر دەکرێت،

قۆناغی دووەم بۆ ئەوەی گرفتەکان بەردەوام نەبێت و پەلە نەکەن بۆ جیابوونەوە پێویستە لای یەکتر نەبن تایبەت لەکاتی خەوتندا تا هەست بە تەنیایی بکەن و بیر لە خۆیان بکەنەوە کە چ هەڵەیەکیان کردووە.

قۆناغی سێیەم دەبێت ئافرەت و پیاو بیزانن کە هەردوولا دەسەڵاتیان هەیە کە دەتوانن هێز بەرامبەر یەکتر بەکار بێنن بەڵام ئەو ڕێگایە ناگرنە بەر، بۆیە خودا ڕاستەوخۆ دوای ئەو قۆناغە باسی قۆناغی چوارەم دەکات کە پێویستە کەسانێك پڕ لە ئەزموون زانا دانا لە چارەسەر کردنی گرفتەکان بێنە مەجلیس و دانیشن تا بزانن کامەیان لە هەڵەو خەراپە دەست پێشخەر بووە، با ئەو داوای لێبووردن بکات و بگەڕێنەوە لای یەکتر، قۆناغی پێنجەم ئارام گرتنە لە هەردوولا واتە ناکرێت هاوسەران هیج ئارام گرتنێکیان نەبێت لەسەر نەخۆشی و ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ژیان، ناکرێت ڕاستەوخۆ بۆ بوونی هەر گرفتێك پەنا بۆ جیابوونەوە ببردرێت، دوای ئەو هەموو قۆناغە هیچ چارەسەرێك بەگونجاو نابینرێت بۆ مانەوەیان لەگەڵ یەکتر ئەوکات ڕێگە پێدراوە داوای جیابوونەوە بکرێت.

جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو گەنجانەی ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری پێك دێنن و داوای جیا بوونەوە دەکەن بەم قۆناغانە تێپەڕیون یان

**لە ئیسلامدا تەڵاق و جیابوونەوە دوای شەش قۆناغ ڕێگەی پێدراوە، ئەویش لە کاتی بوونی کێشەو گرفت لە نێوان هاوسەراندا**

**تەڵاق یاخود جیابوونەوە کارەساتێکی گەورەیە هەرچەندە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام حەڵاڵە بەڵام لەلایەن خودا ناخۆشترین حەڵاڵە**



## حسێن گردەچاڵی

ماجستێر لە زانستە ئیسلامییەکان

لەسەر بچووکترین هەڵە بەرامبەر یەکتر داوای جیا بوونەوە دەکەن، بەڕای من پێویستە لەسەر وەزارەتی کارو کارو باری کۆمەڵایەتی وەك ئیلزامێك هەر گەنجێك نیازی هاوسەرگیری هەبێت پێویستە بەشداری خولی شیاندن بۆ هاوسەرگیری بکات یان هەر ناوێکی تری لێبندرێت، گرینگ ناوەڕۆکەکەیە کە پێویستە گەنجان بەر لە مارەبڕین بەشداری ئەم خولە بکەن کە تێیدا دکتۆری دەروونی کۆمەڵێك بابەت باس بکات کە ڕەنگە ئەو کچ و کوڕە نەتوانن و نەزانن لە ڕووی دەروونییەوە چۆن مامەلە لەگەڵ یەکتر بکەن، پێویستە باسی ئەوە بکرێت پیاو پێویستە چی بکات کاتێ خێزانەکەی دووگیانە لە نۆ مانگدا چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو خێزانەی خۆی بکات، ئەو بابەتەش هیج بە عەیبەو شەرمەی نازانم، چونکە ئێمە لە هیج قۆناغێك فێری ئەو بابەتانە نەکراوین، پێویستە پزیشکێك بێت لەم خولە باسی لایەنی تەندروستی هاوسەران بکات لە هەموو ڕوێکەوە، مامۆستایەکی ئایینی باسی حەرام و حەڵاڵەکان بکات لە نێوان هاوسەراندا، حاکمێك باسی جۆرەکانی سزا بکات بۆ ئەوانەی هەڵەو توندو تیژی و خیانەت و هەموو جۆرەکانی تری تاوان بەرامبەر بەیەکتر بکەن.

تەڵاق یاخود جیابوونەوە کارەساتێکی گەورەیە هەرچەندە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام حەڵاڵە بەڵام لەلایەن خودا ناخۆشترین حەڵاڵە. چونکە چەندین زەرەرو زیانی مادی و مەعنەوی لێ دەبیتەوە چ بە ئافرەتەکە یان پیاوەکە یاخود منداڵ، بەداخەوە منداڵ زۆرترین زەرەری بەردەکەوێت و دەبێت باجی هەڵەی هەردوولا بدات.

لە کاتێکدا منداڵ بوونەوەرێکی لاوازە تەنها لە باوەشی دایك و باوکی هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەکات، توێژینەوەکان دەریان خستووە لێکترازانی خێزان دەبێتە هۆی لاساری و لادانی زۆر لە منداڵەکان، چونکە منداڵەکە لەلایەن یەکێکیان بەخێو دەکرێت جا (دایك یا باوك) بێت ئەمەش سۆزو خوشەویستییەکی لە رادەبەدەری پێ دەبەخشن و بەشێوەیەکی نازدار بەخێو دەکەن، ئەمەش لە کۆتاییدا بە خراپی بەسەر منداڵەکەدا دەشکێتەوە.

**چۆن ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە کەم دەکرێتەوە؟**

١- پێویستە منداڵ بە چاکی پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی چاکی لێ دەربچێت تاکو لە دوارۆژدا بتوانێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی کەسێکی شیاو و لە بەرێوەبردنی ژیان نەك بە دەست حەزو ئارەزووی کەسانێکی ترەوە بناڵێنێ.

٢- پێویستە ئازادی لە نێوان تاکەکانی خێزان پەیڕەو بکرێت، بۆ ئەوەی کچ و کوڕ بتوانن خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، کە ئەوەش مافێکە خودا پێی داون کەس ناتوانێت ڕێگریان لێبکات بەناوی دینەوە یان داب و نەریتەوە.

٣-ئەو کچ و کوڕەی کە بە نیازن ژیانی هاوسەرێتی پێك بێنن پێویستە لە ڕووی تەمەن و خوێندەواری و لێك تێگەیشتن و لە ڕووی کۆمەڵایەتی جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا هەبێت.

٤-پێویست ناکات کەسوکاری کچ یان کوڕ دەست بخەنە ناو کارو باری ژیانی تایبەتی هاوسەرەکان،

٥ ـ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵ و کاریگەری باشیان هەبێت لە پێشکەش کردنی چەندین بەرنامەی ڕێنمایی و هۆشیار کردنەوەی خەڵك لە زیانەکانی جیابوونەوە.

**کچ و کوڕ بتوانن خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، کە ئەوەش مافێکە خودا پێی داون کەس ناتوانێت ڕێگریان لێبکات بەناوی دینەوە یان داب و نەریتەوە**

**ئەو کچ و کوڕەی کە بە نیازن ژیانی هاوسەرێتی پێک بێنن پێویستە لە ڕووی تەمەن و خوێندەواری و لێک تێگەیشتن و لە ڕووی کۆمەڵایەتی جۆرە هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا هەبێت**



# بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە دۆخێکی مەترسیداردایە

هەرچەند یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵییەکان توندن و وردەکارییان تێدایە، هاوکات بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان نوێنەری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان تێدایە و دەسەڵاتی فراوانیان لە یاساکەدا پێ دراوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە تەواوی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی خێرای مادده هۆشبەرەکان بکەن. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو، هەزار و ١١٣ کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەستگیر کراون، ٩١٦ کەسیان سزا دراون، ٥٨ کەسیان بەهۆی نەبوونی بەڵگە لەسەریان ئازاد کراون، ئەوانی دیکەش لە لێکۆڵینەوەدان. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ماددەی هۆشبەر (UNODC) لە ساڵی ٢٠٠٩دا، زیاتر لە ٣٥ ملیۆن کەس لە جیهاندا وەك ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، لە ساڵی ٢٠١٨شدا ٢٦٩ ملیۆن کەس وەك ئاڵوودەبووی ماددەی هۆشبەر تۆمارکراون، هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە مێرمندالآن و گەنجان زۆرینەی بەکارهێنەران پێکدەهێنن، ئەو وڵاتانەش کە ڕێژەی بێکاریی و شەڕیان تێدایە، خێراتر ماددەی هۆشبەری تێیدا بڵاو دەبێتەوە.

پەرلەمانی عێراق، لە ساڵی ٢٠١٧دا، یاسای ژمارە ٤٣ی ژووری بازرگانی ساڵی ١٩٨٩ی هەموار کردەوە بە ناوی یاسای ژمارە ٥٠ی مادده هۆشبەرەکان و کارلێکەرە عەقڵییەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی بۆ هەمان یاسا کرد و، بە هەندێك دەستکاریی کەمەوە لە ساڵی ٢٠٢٠ بە ناوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسەندی کرد.

یاساکە لە ٥٠ مادده پێکهاتووە، لەو یاسایەدا بڕیار لە دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان) دراوە، کە سەر بە وەزارەتی تەندروستییە و، لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و نوێنەری وەزارەتەکانی، ناوخۆ، دارایی، بازرگانی، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەزگای ئاسایش و گومرگ، لە بۆردی بەڕێوەبردنیدا ئەندامن.

ئەیوب ئەسعەد شێخانی، کارگێڕی ناوچەی (ی.ق.ك) لە هەولێر، سەبارەت بەو پرسە دەڵێت: «خووگرتن یان ئالوودەبوون جۆریان زۆرە، لەوانە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، جگەرە، کحوول، یاریی کۆمپیوتر، تەنانەت یاریی قوومار.. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە بەکارهێنانی جگەرە و کحوول و مادده هۆشبەرەکان، کاریگەریی خراپی لەسەر باری تەندروستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، سەرەڕای ئەوەش دیاردەی بەکارهێنانیان ڕوو لە زیادبوونە.»

ئەیوب ئەسعەد شێخانی، هۆکارەکانی ئالوودەبوون بە مادده سڕکەرەکان، لەم خاڵانەدا دەستنیشان دەکات:

- باوەڕ بەخۆ نەبوون.
- هاوڕێی خراپ.
- خراپیی باری کۆمەڵایەتی.
- کەم دەرامەتی و خراپیی پەروەردەی خێزان.
- کەمیی ئاستی زانیاری.
- بێکاری و بێ پلانی.
- نەخۆشیی دەروونی و خۆشاردنەوە، یان ڕاکردن لە چارەسەرکردنی کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەکان و هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی لە کاتی پەروەردەکردن یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان...»

هاوکات دەڵێت: «ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان زۆر سەختە و کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگە و حکومەت، باشترین چارەسەریش ئەوەیە تاك بە هەموو شێوەیەك خۆی دوور ڕاگرێت لەم دیاردە نابەجێیە و، بەپێی توانا هەوڵی ئەوە بدرێت، باس لە زیانەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بکرێت لە ناو کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەناو گەنجەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا.»

شڤان حاجی کەمال، کارگێڕی لقی گەرمیانی (ی.ق.ك)نە و، ڕای وایە: «دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی ئاڵۆزە و، چەند قۆناغێکی جیاواز لە خۆ دەگرێت و، پشت بە کۆمەڵێك چەمکی جیاواز دەبەستێت.»

شڤان حاجی باسی ئەوە دەکات کە «ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (١٩٨٢) پێناسەیەکی پێشنیار کردووە، بۆ ماددەی هۆشبەر، لە نێو ئەو پێناسەیەدا، مادده پێویستەکانی تەندروستی، وەك دەرمان، دوور دەخاتەوە و باسیان لێوە ناکات، تاوەکو بتوانێت جیاکاری بخاتە نێوان دەرمانی پزیشکی و ماددەی هۆشبەر، چونکە ئەم دوو بوارە زۆر تێکەڵاو و ئاڵۆزن. بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، کە ((بریتییە لە هەر ماددەیەکی کیمیایی، یا تێکەڵەیەك لە کۆمەڵێك ماددەی کیمیایی، کە لەشی مرۆڤ پێویستی پێیەتی. بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادده سڕکەرانە، دەبێتە هۆی گۆڕینی فرمانە بایۆلۆژی و بونیادییەکانی لەشی مرۆڤ. پێناسەیەکی دیکەش هەیە بۆ ماددەی هۆشبەر، کە جەخت دەکاتە لە سەر ئەوەی «ماددەیەکی سرووشتی، یان دروستکراوە، کار لە لەشی مرۆڤ دەکات و هەست ڕەفتار و هەندێك فرمانی ئۆرگانی دەگۆڕێت.» گوتیشی: «لە ڕاستیدا هیچ داتاو زانیارییەکی ددانپێدانراو، سەبارەت بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، بەڵام بێگومان وەکو هەر ناوچەیەکی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، لەژێر کاریگەریی بڵاوبوونەوەی ئەم مادده سڕکەرانەیەدا بووە.

**بەکارهێنانی جگەرە و کحوول و مادده هۆشبەرەکان، کاریگەریی خراپی لەسەر باری تەندروستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە**

**ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان زۆر سەختە و کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگە و حکومەت**

**بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادده سڕکەرانە، دەبێتە هۆی گۆڕینی فرمانە بایۆلۆژی و بونیادییەکانی لەشی مرۆڤ**

**هیچ داتاو زانیارییەکی ددانپێدانراو، سەبارەت بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە**

تانیا رەسول:

# هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئیشکردن بوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە خاوەن ئابووری و داهاتی خۆم بم

سالآنێکە مشتومڕی زۆر لەسەر بەشداری ئافرەت لە پەیداکردنی بژێوی خێزان و بوون بە خاوەن داهاتی سەربەخۆ لێرەو لەوێ بوونی هەیە، تەنانەت شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە کە سەرکەوتنی وڵاتان پەیوەستە بە سەرکەوتوویی بیرۆکەی ئافرەتان لە بواری ئابووریدا، بۆ نموونە لە بەنگلادیش، ئافرەتان ٦٥٪ی هێزی کارن لە کەرتی پیشەسازی جلوبەرگ، کە هەناردەیان لەم پیشەسازییە ٧٤٪ کۆی گشتی قازانجی ساڵانەیە. ئەوەش ئەوە دەردەخات کەوا هزری بەڕێوەبردنی ئابووری لە ئافرەتدا بەهێزە و دەبێ سوودیان لێوەر بگیرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



چونکە ئافرەت بنچینەی هەموو گۆڕانکارییەکە لە کۆمەڵگەدا. لێرەدا بەو راستییە دەگەین کە بیرۆکەی ئافرەت لە بواری ئابووریدا لە هی پیاو زۆر وردترە، هەردوولاش یەکسانن لە کارکردن و راپەڕاندنی ئەرکەکانیان جیاوازیان نییە، بگرە ئەرکی سەرشانی ئافرەت قورسترە و ئەو لە یەك کاتدا دوو ئەرکی لە ئەستۆدایە، ئافرەت لە ماڵەوە دایکە، هاوسەرە و پەروەردەکاری خێزانێکە، لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی ماڵ شانبەشانی پیاو کاردەکات، ئەو ئەرکە زۆرەی سەرشانی (حوسن تەسەروف) بە ئافرەت دەبەخشێت و وادەکات وردتر بێت لە شێوازی ئیشکردنەکەی، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت بیرۆکەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی بەهێزە.

بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان رێژەیەکی زۆری خانمان تێکەڵ بە دنیای کار بوون و لە بە دەستخستنی ئابووری خێزان و کۆمەڵگە و وڵات بەشدارن، تانیا رەسول خانمە کابانێکی دەستڕەنگینە، ئەو دانیشتووی شاری سلێمانییە و توانیویەتی بە رەنجی شانی خۆی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دەستەبەر بکات و خوازیارە هەموو خانمێك ببێتە خاوەن کار و داهاتی خۆی بۆ ئەوەی لە ستەمی کۆمەڵگە پارێزراو بێت.

تانیا رەسول بەمجۆرە باس لە قۆناغەکانی کارکردنی بۆ گوڵان دەکات: «ماوەی چوار ساڵە نان دەکەم نزیکی هەشت مانگە شیرینی و خواردن دروست دەکەم، سەرەتای هاتنم بۆ ناو مەیدانی کار بەر لە هەموو شتێك حەز و خولیای خۆم بوو، هەر لە منداڵییەوە حەزم بە ئیشکردن بوو، هەمیشە هەوڵمداوە بۆ ئەوەی خاوەن ئابووری و داهاتی خۆم بم سەرەتا تەمەنێك خەریکی ئیشیساڵۆن بووم، بەڵام هەستم نەکرد نەتیجەی باشی هەبیت و لە کارەکەدا ئاسوورد نەبووم، بۆیە دەستم بەم ئیشەم کرد، سوپاس بۆ خوا لەمەیاندا رزقم باشترە و لە ئیشەکەمدا زۆر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، بە تەنیا کارەکانم دەکەم و کەس هاوکاریم ناکات، هەرچەندە هەموو خێزانەکەم هاندەرمن و زۆریشیان پێ خوشە کە کار دەکەم و توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم، لە ئێستادا توانای ئەوەم نییە دوکان دابنێم، لە ماڵەوە ژوورێکم بۆ پیشەکەم داناوە، سەرەتای کارەکەم لەرێی خزم و کەسوکارەوە نان و شیرنییەکانم دەفرۆشت دواتریش پەیجێکم دانا».

سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانەکەیان تانیا خان گوتی: «تابلێی ژیانمان بەقورسی بەڕێ کردووەو دەست کورت بووین و نەبوونیمان زور دیوە، تائەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بەم کارەم بەس دەتوانم مەعیشەتی رۆژانەمان پەیدا بکەم، بەهۆی سەختی ژیان و هەژارییەوە خوێندنم تەواو نەکرد، من کچی گەورەی ماڵ بووم باوکم بەقاڵ بوو لەگەڵ ئەو هەر خەریکی ئیشکردن بووم، دایکیشم تەنیا فریای ئیشی ناومال دەکەوت، چونکە خێزانێکی گەورە بووین، ٩ خوشك و برا بووین».

تانیا خان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو لە ئێستادا خێزاندارە و دایکی پێنج منداڵە، وەك خۆی باسی دەکات لە ئێستادا هاوسەرەکەی بێکارە و ئەو ئەرکی پەیدا کردنی بژێوی رۆژانەی خێزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە، مایەی دەستخۆشییە خانمێك بتوانێت ماڵ بەڕێوە ببات.

تانیا رەسول لە درێژەی قسەکانیدا هانی خانمان دەدات بۆ ئەوەی بێنە مەیدانی کار و بوونی خۆیان بسەلمێنن و لەمبارەیەوە دەڵێت: «وەکو خانمێك و وەکو دایکێك کە کار دەکەم، زۆر هەست بە دڵخوشی دەکەم کە توانیومە لەسەرپێی خۆم بوەستم و ماڵەکەم بەڕێوەبەرم من لە سەرەتای ژیانمەوە لەسەر پێیەکانی خۆم وەستاوم و نەم هێشتووە ئیحتیاجی هیچ کەسێك بین، بەداخەوە هەندێك ئافرەت هەن موحتاجیشن بەڵام ئازایەتی ئەوەیان نییە کار بکەن، لەبەر کۆمەڵگە بێت یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر، لێرەوە هیوادارم هەموو خانمێك هەوڵ بدات بۆ بژێوی پەیدا کردن دەستەوەسان نەبن بەتایبەتی لەم زروفەی ئێستادا، لەم رۆژەدا پێویستە بە هەموومان هەوڵ بدەین، ئافرەت بە کارکردنی لە ستەمی کۆمەڵگە تا ئاستێك پارێزراو دەبیت.

منیش بەشبەحاڵی خۆم هیوادارم بتوانم زیاتر پەرە بە کارەکەم بدەم و بتوانم ئیشەکەم گەورەتر بکەم و سوودم بۆ چەند خانمێك لە دەورو بەرم هەبێت، هیوام وایە هەموو خانمێك دەست رەنگین بێت و لە کارێکدا شارەزا بێت، تاوەکو بتوانین خۆمان بژیێنین پێویستمان بەهیچ کەس نەبێت».

**هەموو خیزانەکەم هاندەرمن و زوریشیان پێ خوشە کە کار دەکەم و توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم**

**بەداخەوەهەندێک ئافرەت هەن موحتاجیشن بەڵام ئازایەتی ئەوەیان نییە کار بکەن**

**هیوام وایە هەموو خانمێک دەست رەنگین بێت و لە کارێکدا شارەزا بێت، تاوەکو بتوانین خۆمان بژیێنین پێویستمان بەهیچ کەس نەبێت**

# بەفیڕۆدانی ئاو لە حاڵەتەوە بۆ دیاردە گۆڕاوە



> **ئێمە ئاوی خواردنەوە و بەشی دەستنوێژێکمان نییە، جیرانی بەرامبەریشمان شەو تا سبەی، ئاوی پاك بە ژێر دەرگەی ماڵەكەیدا دەڕژێتە ناو جۆگە و زێرابەوە**

> **پێویستە حکومەت سزای ئەوانە بدات، کە ئاو بەفیڕۆ دەدەن، ئێمە پێوەری ئاومان هەیە و لە شوقەین، کەچی ئەوانەی پێوەری ئاویان نییە، پارەی ئاو نادەن و بەو ڕۆژگارە نەك بەر خانوو، بگرە شەقامەكەش دەشۆنەوە**

ئەحمەد عەبدوڵا قوتابی پەیمانگەیە و وەك خۆی باسی کرد، دانیشتووی گەڕەکی زانکۆیە لە هەولێر. ئەو لەوە نیگەرانە کە چەندین ڕۆژە بێ ئاون و دەڵێت: «لە ماوەی ١٥ ڕۆژ سێ تانکی ئاومان بە ٣٠ هەزار دینارکڕیوە. ئێمە ئاوی خواردنەوە و بەشی دەستنوێژێکمان نییە، جیرانی بەرامبەریشمان شەو تا سبەی، ئاوی پاك بە ژێر دەرگەی ماڵەكەیدا دەڕژێتە ناو جۆگە و زێرابەوە. ئەوە کەی ویژدانە؟ حەق وایە و زۆر پێویستە حکومەت سزای ئەوانە بدات، کە ئاو بەفیڕۆ دەدەن، ئێمە پێوەری ئاومان هەیە و لە شوقەین، کەچی ئەوانەی پێوەری ئاویان نییە، پارەی ئاو نادەن و بەو ڕۆژگارە نەك بەر خانوو، بگرە شەقامەكەش دەشۆنەوە.»

سەبارەت بە هەمان پرس سندس عەلی مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی یاسا بۆ گوڵان گوتی:» ئاو نیعمەتێکی گەورەی خوای میهرەبانە و پێویستە لەسەر نیعمەتەکانی خوای گەورە سوپاسگوزار بین، خوای گەورە دەفەرموێت بخۆن و بخۆنەوە و ئیسرافی تێدا مەکەن، موبالەغەی تێدا نییە بەفیڕۆدانی ئاو لە گوناحە گەورەکانە و لە کۆنەوە گوتراوە ئاو و ئاوەدانی، پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: هەتا ئەگەر لەسەر ڕووبارێکیش بوون زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئاودا مەکەن، پێویستە وەکو ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی دەست بە ئاوەوە بگرین، بەداخەوە زۆرجار دەبینین ئافرەتان لە کاتی کارکردن و قاپ شۆرین ئاوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە کراوەیی بەجێدەهێڵن، ئەگەر ئەمڕۆ ئاو بەفیڕۆ بدەین سبەی بەخۆمان زەرەر دەکەین و بێ ئاو دەمێنینەوە».

مەلا هێمن شارستێنی، پێشنوێژ و وتارخوێنە لە مزگەوتی جافان (رانیە)، سەبارت بە هەمان گرفت دەڵێت: «یەکێك لەو هەزاران ناز و نیعمەتەی کە خوای گەورە پێ بەخشیوین، بریتییە لە نیعمەتی ئاو. خوای گەورە فەرموویەتی: ( وَجَعَلْنَا مِنَ المآء كُلَّ شَيْء حَيٍّ)، واتە ئاو سەرچاوەی ژیانە. لەو ڕوانگەیەوە واجبە لەسەرمان دەست بە ئاوەوە بگرێن و زیادەڕۆیی تێدا نەکەین و، بەفیڕۆی نەدەین، چونکە بەفیڕۆدانی حەرامە. کاتێك دەچێنە خزمەت قورئان، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ)، واتە: لە حەڵاڵ بخۆن و بخۆنەوە و، هەرگیز زۆرخۆری و زیادەڕەۆیی مەکەن، چونکە خوای باڵادەست کەسانێکی خۆش ناوێت کە زیادەڕۆی دەکەن. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ)، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی زیادەڕۆیی دەکەن لە بەفیڕۆدان، برا و خوشك و هاوکاری شەیتانن، دیارە ئەوەش گەندەڵییە و کاری شەیتانە، ماڵ و سامان و ئاو یاسای خەرجکردنیان هەیە، سەحابەی بەڕێز عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت: «پێغەمبەری خوا، بەلای سەعدی (کوڕی ئەبی وەقاس)دا تێپەڕی کە دەستنوێژی دەگرت و زیادەڕۆیی



**ئەگەرچی ئەمساڵ بە هۆی وشکەساڵی و کەمبوونی باران، هەرێمی کوردستان تووشی زۆر کێشەی کەم ئاویی بووە، بەڵام زۆر لە ماڵانیش بەو پەڕی کەمتەرخەمییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردووە، بە جۆرێك کە لە بن دەرگەی ماڵەکانیانەوە، بە لرفە ئاوی پاکی خواردنەوە، تێکەڵ بە زێراب و جۆگەکانی سەر شەقام دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر باسی ئەو دیاردە نەشیاوە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دەکرد لە بەفیڕۆدانی ئاودا، پێی فەرموو: ئەی سەعد ئەو زیادەڕۆییە چییە؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆ لەدەستنوێژ گرتنیشدا ئیسراف و بەفیڕۆدان هەیە؟ فەرمووی: بەڵی، ئەگەر لە سەر جۆگە و ڕووبار و دەریاش بووی، دروست نییە، ئاو بەفیڕۆ بدەی و، زیاتر لە سێ جار ئاو بە دەست و دەم و چاوتدا بکەی.»

مەلا هێمن شارستێنی، جەخت لەوە دەکاتەوە و دەپرسێت: «ئەگەر زیادەڕۆیی لە دەستنوێژ گرتن و عیبادەتەکاندا دروست نەبێت و حەرام بێت، ئەی چۆن دروستە ئەوەی کە ئەمرۆ بەداخەوە هێندی خەڵك بەو پەڕی نابەرپرسیاریەتی لە بەهەدەر دانی ئاو دەیکەن؟ « گوتیشی: «پیاو هەیە لە بەردەمی ماڵەکەیدا سەیارە دەشوات و ئەو هەموو ئاوە بەفیڕۆ دەدات، یان خوشکان و دایکانمان لە شووشتنی قادرمە و حەوشەی ماڵەکان و تەنانەت شووشتنی شۆستە و جادەش تێر نابن، یان تانکی سەرخانووەکان کاتێك پڕ دەبن، لە سەریان دەڕژێتەوە، ماتۆڕی ئاوەکەی ناکوژێنێتەوە و ئیهمالی دەکەن و، ئەو هەموو ئاوە بە فیڕۆ دەدرێت، بەڵام زۆر پێویستە، لە خوا بترسن، ئەی ئەو کەسانەی ئەو جورە هەڵسوکەوتانە بەرامبەر بەو ناز و نیعمەتە گەورەیە دەکەن. چاك بزان ئەوە حەڕامە و خوای گەورە لێتان تووڕەیە و لە ڕۆژی قیامەتدا لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکات. پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: إن أول ما يُسأَلُ عنه العبد يوم القيامة أن يقال له: ألم نُصِحَّ لك جسمك، ونُرْوِيَك مِن الماء البارد.»

واتە یەکەم شتانێك کە دەرحەقیان لە ڕۆژی قیامەتدا لە ناز و نیعمەتەکان لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، ئەم دوو شتەیە: خوای گەورە پێمان دەفەرموێ: ئەی عەبد و بەندەکەم، ئەرێ جەستە و لاشەیەکی ساغ و سەلامەتم پێ نەدای؟ ئەی بۆ قەدرت نەزانی و بۆچی لە عیبادەت و بەندایەتیی خوادا بەکارت نەهێنا؟ ئایا ئاوێکی ساف و سازگار و شیرین و خۆشم پێ نەدای؟ ئەی بۆ بە جوانی مامەڵەت لەگەڵ نەکرد؟ بۆچی بەفیڕۆت دا و قەدرت نەزانی؟ بۆیە پێویستە قەدری ئاو بزانین لەم ڕۆژگارەدا کە ئاوا جیهان زەنگی مەترسیی کەمبوونی ئاو و نەمانی لێ دەدات، ئێمەش لێی بێبەری نین، بەتایبەت کە ئەمساڵ بێ بارانی بوو، بۆیە واجبە لە سەرمان قەدر و حورمەتی ئاو بگرین و بە ئەندازەی پیویست بەکاری بهێنێن و، سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکەین لە سەر نیعمەتی ئاو کە کاریز و کانیاو و جۆگە و ڕووبار و بیرەکانمان بۆ پر لە ئاو بکاتەوە و لە ساڵی داهاتوو بارانی بە ڕەحمەتمان بۆ ببارێنی، اللهم آمین».

**ئەگەر زیادەڕۆیی لە دەستنوێژگرتن و عیبادەتەکاندا دروست نەبێت و حەرام بێت، ئەی چۆن دروستە ئەوەی کە ئەمرۆ بەداخەوە هێندی خەڵک بەو پەڕی نابەرپرسیاریەتی لە بەهەدەر دانی ئاو دەیکەن؟**

**لە خوا بترسن، ئەی ئەو کەسانەی ئەو جورە هەڵسوکەوتانە بەرامبەر بەو ناز و نیعمەتە گەورەیە دەکەن. چاک بزان ئەوە حەڕامە و خوای گەورە لێتان تووڕەیە و لە ڕۆژی قیامەتدا لێپێچینەوەتان لەگەڵ دەکات**